کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
20-12-2007 19:17 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆئەوی جارێکی تر گەلی کوردستان توشی ئەنفال و جینۆساید وکیمیاباران وقڕ کردن نەبێتەوە دەبی بیر لەداهاتومان بکەینەوە چۆن بچینە ناو گەمە سیاسیەکانی کە لە ناوچەکەدا بەڕێوە دەچێت ... باوکی شازاد

دەڵێن سیاسەت هونەری مومکیناتە، ناڵێن سیاسەت وەکو نیسک وایەو بەروپشتی نیە ئەوەی نەزنێت بیکات توشی ملشکان دەبێت لە سیاسەت شتێک هەیە پێی دەڵێن بەرژەوەندی کە نەکەس دەناسێت و نە برادەری هەتا هەتایی کەسیش دەبێت، ئێمەی کورد زۆر زیانمان لە هونەری مومکیناتی سیاسەت کردوە پێش ئەوەی ووشەی سیاسەت بەشێوەیەکی مۆدێرن بناسرێت و هیچ حیزبێکی سیاسی لە ناوچەکە وجودی هەبێت ئێمە بوین بە خۆراکی ئەو گەمە ناشەرعیانەی کە لە نێوان دوژمنانی گەلی کورد کراوە، لەکاتێک هەستی نەتەوایەتی خەفە کرابوو لەلایەن خەلافەتی دەوڵەتی ئیسلامی کەس بۆی نەبوو ئەوکاتانە بڵێت من کوردم یەکسەربە دژی یاساکانی ئیسلام تاوانبار دەکرا لەبەر ئەوەی لە ناو ئەینی پیرۆزی ئیسلام سنور لەنێوان وولاتی ئیسلام نیە بەڵام ئەو یاسایە هەربۆ گەلانی وەکو کورد پەیڕەو دەکرا، کەس مافی ئەوەی نەبوو باسی وولاتێک بکات بە ناوی کوردستان، سەڵاحەدینی ئەیوبی بەو هیزو توانایەی کە هەیبو ئیستاش کەس بەڕەسمی دان بە کوردایەتی ئەو زاتە دا نانێت، بەڵام ئەگەر کەسێکی عەجەم یان فارس هاتبن بۆ ئەوەی داکۆکی لە ئیسلام بکەن ئەوە زۆر راشکاوانە ئێستاش لە مێژوی ئیسلامەتیدا ناویان هەیەو باسی قارەمانیەتیان دەکرێت، هەروک گوێبیست دەبین فلان ئەسحابە کە ناوی فلان فارسی یان عەجەمی بە ناوی نەتەوەی خۆیان ناسراون، بەڵام ئێمەی کورد چەندین کەسمان هەبوە زۆر خزمەتی عارەب و تورک و فارسیان کردوە بەدەیان شاعیری هەڵکەوتو لەو وولاتانە وەکو ئەستێرەیەک لە ئاسمان دەدرەوشێنەوە چەندین نوسەر و ئەکتەرو گۆرانی بیژ و عالمی گەورەی زمانەوانی هەنە، وە لە زۆر بواری تر خەڵکی کوردمان هەیە، بەڵام داخەکەم هەتا لەسەر شنگ و تاقەتی خۆیانن کەس هەست بە کوردبونیان ناکات کاتیک دەزانین ئەوانە بەڕەچەڵەک کورد بونە ئەوکاتەش یان لەسەرە مەرگ دانە وەیان کۆچیان کردوەو مردونە ئەوکاتانەش سودی هیچیان لێ وەرناگرین هەرچەندە باسی کوردایەتیان بکەین داد نادات لەبەر ئەوەی زۆربەیان پارچە کاغەزێکیشیان نەنوسیوە بڵێن ئێمە کوردین، ئەوانەش ناهەقیان نەبوە لەهەندێ حاڵەتدا ئەگەر خۆیان ئاشکرا بکردایە لەوانە بو نەیان دەهێشت ئاوا ببن بە ناودار، ناچار بێدەنگیان هەڵبژاردوە بۆ ئەوەی ئەوانیش خۆیان توشی سەر ئێشە نەکەن دیارە سەریان لەمەسەلەکان دەرچوە بۆیە خۆیان تواندۆتەوە لەنێو ئەو نەتەوانەی تر کە باڵادەست بونە واتە لانخی خۆیان کاسانی سیاسی بونەو زانیویانە چۆن بەرژەوەندیەکانی خۆیان بپاریزن، من کەسێکی ئیسلامم هەمو ئەرکەکانی ئیسلامەتی کە لە باوکو باپیرم بۆم ماوەتەوە خۆم و خێزانم و منالەکان جێبەجیی دەکەین، وانەبێت کە ئەو قسانە دەکەم خوانەکات کەسێک بم باوەڕم بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەبێت یان کز بێت، ئەوە دەردو ئاهو حەسرەتی گەلەکەمانە بەسەری هاتوە دەبێ پەردەیان لەسەر لابچێت وباس بکرێت بەڵام هەندێ کەس بەشێوەیەک باسیان دەکات شعوری خەڵکانێک بریندار دەکات کە زۆر باوەڕیان بە ئیسلام هەیەو لەو باوەڕەدانین کە ڕۆژێک لەڕۆژان لەژێر پەردەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام گەلی کورد زوڵمی لێکرابێت بەڵام ئەوی کە ئێستا دەبینین هەر هەمان درێژەدانە بەو سیاسەتەی کە پێش چەند سەد ساڵێک بەرامبەر بە گەلی کورد بەکار هاتوە هەرچەندە ئێمە ڕۆژێک لەڕۆژان بەرامبەر بە ئاینەکەی خۆمان هەڵنەگەڕاوینەتەوە هەرچەندە غەدرمان لیکراوە هەر هەموو ئەو ڕەفتارانەمان حەواڵەی ئەزدانی گەورە کردوە بەڵام ئێمە حەزمان دەکرد ئەو وولاتە ئیسلامیانەش تۆزێک ئەوریان لە گەلی کورد بدابایەوە ڕەحمی خودا بچوبایە دڵیان ڕۆژێک قسەیەکی خێریان بۆمان بکردایە بەتایبەتی لەکاتی ڕەشەکوژیەکەی سەددام حوسەیندا بەداخەوە نەمان بینی ڕێکخراوی کۆنگرەی دەوڵەتە ئیسلامیەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دانیشتنێک بکات باسی ئەو قڕکردنەی گەلی کوردی ئیسلامی بکات بەمەرجی بەهەزاران کەسمان لەسەر سنوری شانشینی عارەبی سعودیە ئەنفال کران و زیندەبەچاڵ کران کە ئەوان ئێستا خۆیان بەمیراتگری خەلافەتی ئیسلامی دەزانن لەوپەڕی دونیدا چوار ئیسلام هەبێت ئەوان یارمەتیان دەدەن بەڵام چل ملیۆن کوردی ئیسلام لەدەست جوار دەوڵەتی ئیسلامی بەوپەڕی توندو تیژی مامەڵەیان لەگەل دەکرێت هەردەم ئێمەی کورد بەوە تاوانبار کراوین کە پەیوەندیمان بە ئیسرائیل و دەوڵەتانی ئەوڕوپی هەبوە، بەڵام دان بەوە دانانێن کە لەترسی زوڵمی ئەوان ئێمە دەبێ خۆمان بخەینە باوەشی ئەوان بۆ ئەوەی بمانپارێزن و لەناو نەچین تاکو ئەوەی لە ئیسلامەکان نەمانبینی لەڕێگای مافی مرۆڤەوە بەدەستی بێنین، ئێمە لەوەتەی هەین هەستمان نەکردوە ڕۆژێک وەکو گەلانی ئەو دونیایە خاوەنی ئازادی خۆمان بوبین هەردەم وەکو کلک بوینە بەدوای باڵادەستەکان هیج چارەیەکی ترمان نەبوە هەرچەندە زانیومانە ئەو کلکایەتیە زەرمان لێ دەدا، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤ ناچار دەبێت دەستی دوژمنی خۆی ماچ بکات بۆ ئەوەی لەناو نەچێت، ئێمەی کورد هەردەم چاوەڕوانی دەست خستنە ناو دەستی ئەوانەمان کردوە کە دوژمنی دوژمنەکانمان بوینە بۆ ئەوەی بتوانین لە ڕیگای ئەوانەوە تۆزێک سەری خۆمان بەبێ ترس بەرز بکەینەوەو بەرچاوی خۆمان ببینین هەرچەندە بێشک زانیومانە لە کۆتایی مامەڵەمان پێوە دەکەن و وەکو وەرەقەیەک بەکارمان دێنن تۆڵەی ئەو یارمەتیدانەمان لێ وەردەگرنەوە، زۆر بەنرخێکی هەرزان دەمانفرۆشن، ئەو خەباتە خویناویەی کردومانە بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی خۆمان بەفیرۆ دەڕوات ودەبن بە ئاردی ناو درک، سەرمان لێشێواوە نازانین کێ هەیە هەتا سەر برادەری هەمیشەییمان بێت و بەبێ هیچ بەرژەوەندیەک لێمان نزیک کەوێتەوە، دەست بە هەر دەرگایەک وەدەنیین بەڕومان دا دادەخرێت و ئاوێکی ساردیشمان لەسەر دەڕژینن بۆ ئەوەی لە دەرەوە لە سەرمانیش ڕەق ببینەوە لە جیاتی ئەوەی دەستی یارمەتیمان وەکو مرۆڤێکی لێقەوماو بۆ دریژ بکەن پەنجەکانمان دەشکێنن تاکو نەتوانین بەکاریان بینین بۆ خزمەتی خۆشمان، . هەمو دەرو دراوسێکانمان تەجروبە کردوە هەر هەمویان یەک جۆر ڕەفتاریان هەیە بەرامبەر بە کورد و هەمویان دژی ناوێکن ئەویش کوردستانە، بوە بە چقڵی چاوی دەژمنەکانمان، بەڵام شتێکی زۆر سەیر دەبینین لەو پەیوەندیانەی نێودەوڵەتی و گەمە سیاسیەکان و هونەری مومکینات ئەویش ئەوەیە ئێمە دەزانین داگیر کەرانی کوردستان بەڕون و ئاشکرا ناحەزی گەلی کوردن، بە هیچ شێوەیەک گەلی کوردیش متمانەیان پێناکات بەڵام هیج چارەمان نیە، کورد دەڵێ ئەگەر بەدۆستی دایکت نەوێری دەبێ پێی بڵێیت بابە، بەڵام ئەوانی تر بۆ وامان لێ دەکەن بەریتانیا لە کاتی دابەش کردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی بۆ پشتی کوردی نەگرت وەکو ئەو سەرۆک عەشیرەتانەی کەنداویش حیسابیان بۆ نەکردین، سۆڤیەتی جاران کەخۆیان بە خاوەنی بیرۆکەی ئازادی گەلان و کۆمونیستی دەزانی هەردەم پشتیوانیان لە دوژمنانی کورد کردوە و بەدوای بەرژەوەندیەکانی خۆیان بونە بۆیەش کەس باوەڕی پێیان نەبوە هەتا لەناوچون و چرایەکەیان خامۆشکرا، هەرچەندە هەردەم حیزبی شیوعی لە ناو چیاکانی کوردستانیش لەناوهێزی پێسمەرگە بونەو خەباتی خۆیان کردوە، ڕۆژێک نەمانبینی لە چەک فرۆشتن بە دوژمنەکانمان هیچی ترمان بۆ بکات، ئەمەریکا لەوەتی دەستی پەیدا کردوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەشێوەیەکی تایبەتی هیچی بۆ کورد نەکردوە هەتا پاش داگیرکردنی کوەیت ئینجا بۆ بەرژەوەندی خۆیان دورو نزیک قسەیان لەگەڵ کوردەکان کردوەو ئەویش هەتا ئێستا زۆر بەدەگمەن بەرپرسەکانیان دەوێرن پر بەدەمناوی کوردستان بێنن هەتا ئێستا باشوری کوردستان بە باکوری ئێراق دەناسن، ئەوە دەبینین چۆن (ئۆجەلانیان) بە پەل بەستی تەسلیم بە ڕژێمی تورکیا کرد ئێستاش دەبینین چۆن دەستی تورکیا ڕادەکێشێت بۆ لێدانی کورد، زۆر بێشەرمانە دەڵێت ئێمە ڕازین لەوەی فرۆکەکانی تورکیا

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بوردومانی ناوچە کورد نشینەکانی باکوری ئێراقیان کردوە، لەکاتێکدا زۆربەمان لەو باوەڕەدابوین کە ئەمریکا بەهیج شێوەیەک پشتی کورد بەرنادات و داکۆکیمان لی دەکات بەڵام بەو هەڵویستەی بەو دواییە هەمومانی توشی داتەپین کرد دوژمنانمان ئێمەیان بە ئیسڕائیلی دوەم ناودەبرد ئێمەش خۆمان بەدڵسۆزترین برادەری ئەمەریکا دەزانین، کەچی وا دەرنەچوو خەڵکانی تر هەمویان لە ئێمە خۆشەویست ترن لەلایەن ئەمریکا بەکردوەوش بۆمان دیار کەوتوە تەنها مەسەلەی کەرکوکمان ماوە ئەگەر لەوەس قۆڵمان بشکێنن ئەوە مانای وایە دەبێ دەستی خۆمان بشۆین لە ئەمەریکاو ڕێگایەکی تر بدۆزینەوە بۆ سەندنی مافەکانی خۆمان، لەڕاستی دا ئێمەی کورد دیسان وەکو وەرەقەیەک لەلایەن ئەمریکاوە بەکار دەهێنرێین، لەوەتی ڕژێمی سەدامیان ڕوخاندوە هەتائێستا هەردەم پێیان لەسەر سەری کورد داناوەو تەنازولی پێدەکەن لە مافە ڕەواکانی خۆی، هەر ئەوانیش بون وایان کرد مەسەلەی کەرکوک بگاتە ئەو ئاستە خراپەو کەوتۆتە ناولەپی عیفریت، بەڕاستی چاوەڕوانی شتی باشیان لێ ناکرێت، هەرچەندە ئێمە هیچ چارەیەکی ترمان نیە هەرچەندە دەزانین ئەوانە بەڕاستی وەکو داری زەقنەبوتن بەڵام دەبێ هەر بەدوایانەوەبین بەڵکو ئەوە دونیایە ئێمە بۆچونەکانمان هەڵە دەربچێت ولە مەسەلەی کەرکوک پشتمان بگرن، با نەوتەکە بۆ ئەوان بێت و کەرکوکیش بگەڕێتەوە بۆ باوەشی هەرێمی کوردستان، نازانم بۆ دەبێ کورد ئاوا بێ کەس و بێ پشت بێت، ڕاستە کورد خۆخۆرەو دژی یەکترە بەڵام تەنها زەرەر بە خۆمان دەگەیەنین، بەبێ ئەوەی زەرمان بۆ خەڵکی غەیرە کورد هەبێت، خەڵک حەز بە هاوڕێیەتیمان ناکات، ئێمە دڵسۆزترین کەس بوین بۆ ئەمەریکاو ئەوڕوپا لەو ناوچەیە، خوێنمان تێکەڵ بەخوێنی ئەوان بو لە پرۆسەی ئازادی ئێراق، کەچی ئەوکاتە خەڵکی تورکیا بە پلوکە بەردو تەماتە هێزەکانی ئەمریکایان دەرکرد، سوریا ئەوە ماوەی 4 ساڵە بە هازاران تێرۆریستی ناردوە بۆ ئیراق 4 هەزار سەربازی ئەمەریکیان کوشتوە، ئێران ئەوە بە ئاشکرا تێروریستان پڕ چەک دەکات، سوننەکانی ئیراق وەکو سۆماڵیەکان خەڵک ئەمریکیان بەدوای ئۆتۆمۆبیل خستو ئاگریان تێبەرداو بە ستونی پردەکەی فەلوجە هەڵیان واسین، بەسەدان سەربازی ئەمریکیان کوشتوهو سەریان بریون ئێستا ئەوان بونە بە خاوەنی (سەحوەی) عەشایەری بونە بە هاوپەیمانی ئەمریکیەکان، لە کوردستانیش هەتا ئێستا سەربازێکی ئەمەریکی کەپوی بەخوێندا نەهاتوە بەپێچەوانەوەوە کوردستان بوە بە شوێنی حەوانەوەو ڕابواردنیان کەچی هەر دەبێ ئێمە مەمنون بین کەوا پارێزگاریمان لێ بکەن لەدەست تورک و فارس و عارەبەکان، لەبەر ئەوەی ئەوانە دوژمنی سەرسەختی گەلی کوردن، بەهەرحاڵ ئیمەش دەبێ دەستی خۆمان بە چمکیکی کەواکەیان بگرین بۆ ئەوەی جێ نەمێنین و دوژمنەکانمان تۆڵەی سەردەرو پشتدەرمان لێبکەنەوە، لەبەر ئەوەی لەمێژە هەرەشەی ئەوەمان لێدەکەن پاش ڕۆیشتنی ئەمریکا چیمان لێدەکەن هەڵبەتە دەشی کەن هەرچی لەدەستیان بێت قسوری ناکەن، ئەوا هێشتا ئەوان لێرەن ئاوامان لێدەکەن، ئەدی ئەگەر بەیانی جێیان هێشتین دەبێ چۆن تۆزمان ببەنە بەری ئاسمان، هیوادارم ئەو ڕۆژە نەبینین بەڵام دەبێ هەمو کەسێک خراپترین ئیحتیمال بۆ خۆی دابنێت بۆ ئەوەی لەناکاو لێمان نەقەومێت و کەسمان پێ رانەگات، بۆیە دەبێ سەرکردایەتی کورد زۆر حەکیمانە بیر بکاتەوە هەرچەندە دەتوانێت پێی خۆی دابگرێت لەسەر مەسەلە هەستیارەکانی وەکو کەرکوک و ناوچە دابڕاوەکان و مەسەلەی فیدڕاڵی و یاسای نەوت و هێزی پێشمەرگە، ئەوەی ئێستا بۆمان نەکرێت پاش ماوەیەکی تر بۆمان ناکرێت هەرچەندە دەوڵەتی ئێراق بەهێز بێت و هۆشی بێتەوە بەرخۆی زیاتر نکوڵی لە مافەکانمان دەکات، خەڵکی موتەتەڕیفیان زۆرە بەڵام خۆیان مەڵاس داوە هەتا ڕۆژیان دێت و گوێ لە قسەکانیان ڕادەگیرێت، بە هەزارانی وەکو سالح موتلەگ و ئوسامە نجێفیان تیایە هیشتا ماویەتی کۆنە بەعسیەکانیش بگەڕێنەوە ئەوان هەر مامەڵەیان لەگەڵ ناکرێت وەکو گورگی دەم

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

بەخوێنیان لێهاتوه، ئەوا دەبینین کەسانی وەکو موقتەدا سەدرو سامی عەسکەری و شەهرستانی و ئیبراهیم جەعفەریش لە ناو هێزەکای شیعە زۆرن، ئەوانەش هەر بزانە وەکو بەرازی غەزری و چەند ئەندام پەڕلەمانێکی تریشیان بەگەر بکەوێت، ئینجا کە بون بەزۆرینە ئەوە هەرچی لەبەرژەوەندی گەلەکەمان بێت ئەوان ڕەفزی دەکەن واتە ئەوکاتە نابێ هیچ تەمامان بە پەڕلەمانی ئێراقی بێت شتێکمان بۆ بکات، بۆیە حکومەتی کوردستان هەرچەندی لەتوانای داهەیە دەبێ وا بکات بەرژەوەندی ئەمریکاو وولاتە رۆژئاواییەکان بخاتە ناو کوردستان بەتایبەتی لە بواری نەوت وبازرگانی بۆ ئەوەی هەر لەبەر خاتری بەرژەوەندیەکانیان پشتمان بەرنەدەن، با هەندێکیشمان زەرەر بێت گرنگ نیە، بەڵام ئەگەر زەرەر لە نیوەی گەڕایەوە بە قازانچ حیسابە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.